هاوڵاتییەکی عەرەب لە هۆڵەر دەستگیرکرا کە بەبیانووی وەرگرتنی ڤیزەی ئەمریکا خەڵکی هەڵخەڵتاندووە



بەرپرسێکی پۆلیسی پارێزگای هۆڵەر، تەمتبارکی بەڕێچەڵەک عەرەبی بەناوی (س. م. ف) دەستگیر کرد، کەوا ئەم تەمتبارە بە شێوەی گرووپ کاری کردووە بە هەڵخەڵتاندن و فێڵکردن لە خەڵک لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە، بە بیانووی ئەوەی کەوا گوایە ڤیزایان بۆ وەردەگرێت و دەیانباتە ئەمریکا، کە وا خۆی نیشانداوە هەماهەنگیی لەگەڵ کۆنسوڵخانەی ئەمریکی و چەند بەرپرسێکی عەراقی هەیە.

بەرپرسێکی پۆلیسی هۆڵەر ڕایگەیاندووە، دوای تەماوکردنی سکاڵا، تیمەکانمان لە بەرپرسایەتیی پۆلیسی پارێزگای هۆڵەر زانیاریان بەدەستهێنا و دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ کرد، لە ئەنجامدا توانرا تەمتبارێی ناوهاتوو لێکاتی وەرگرتنی پارە لە یەکێک لە دادخوازەکان دەستگیر بکرێت، کە دانی نا بە تاوانەکەیدا، بۆیە بەپێی داوەری لێکۆڵینەوە و بڕیاری ماددە 456ـی لە یاسای سزادان، ڕادەستی دادگا کرا.